# ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو و کاریگەریی لەسەر وەرگر لە شیعری مەولەویدا

پ. ی. د. فازل حەمەسەعید ئەمین

زانکۆی سەڵاحەددین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی زمانی عەرەبی

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە ٢٠٢٤/١٠/١٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە ٢٠٢٥/٠٦/٢٢**

**پوختە:**

بۆ ئەوەی دەقی ئەدەبی سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو بێت؛ پێویستە بەجۆرێک دابڕێژرێت کە بتوانێت پەیامی نووسەر بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بگەیەنێت.بۆ ئەم مەبەستەش نووسەر ناچارە پەنا بۆ هەموو ئەو ڕەگەز و هونەرانە ببات کە لە توانایاندایە دەقەکە هێندە تۆکمە و کاریگەر بکەن لەبارێدا بێت سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت و پەسەندی بکات، ئەمەش لەبەر ئەو پێگە گرنگەی کە وەرگر هەیەتی لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەقدا، بەپێی زۆربەی ڕێباز و قوتابخانە ڕەخنەیی و ئەدەبی و زمانەوانیەکان.

یەکێک لەو ڕەگەزانەی کە تین و هێزێکی زیاتر بە دەق ئەبەخشێت و کاریگەرییەکی باشتر لای وەرگر دروست ئەکات بریتییە لە ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو (اللامتوقع)، بەو پێیەی کە ڕەگەزەکە ئەتوانێت ئاسۆی بیرکردنەوەی وەرگر تێپەڕێنێت و چێژێکی زیاتری پێببەخشێت و پەلکێشی بکات بۆلای دەقەکە، بەمجۆرە کارلێکێکی بەهێز لە نێوان دەق و وەرگردا دروست ئەبێت.

لە سۆنگەی ئەو پەیوەندی و کارلێکەی لە نێوان دەق و خوێنەردا هەیە؛ بەگرنگمانزانی ئاوڕی لێبدەینەوە و جەخت بکەینە سەر ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو لە دروستکردن و تۆکمەکردنی ئەو پەیوەندیەدا، هەروەها بە باشمانزانی کە ئەو ڕاستییە بە چەندین نموونە لە شیعری مەولەی تاوگۆزی پشتڕاست بکەینەوە، بەو پێیەی شیعری مەولەوی تەژییە لەو هونەر و ڕەگەزانەی کە گاریگەرییەکی بێوێنە لەسەر وەرگر بەجێئەهێڵن، لە نێویشیاندا ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو، کە جێی هەڵوەستە لەسەرکردنی ئەم توێژینەوەیە.

کەواتە توێژینەوەکە مەبەستییەتی تیشک بخاتە سەر ڕۆڵی ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو و کاریگەرییەکەی لەسەر وەرگر لەشیعری مەولەویدا، لەڕێی ئەو شێواز و هۆکارانەوە کە ئەم ئەرکە بەجێئەگەیەنن، وەک: وێنەی شیعری، دەقاوێزان، هونەری ڕەوانبێژی ، گەمەی زمان، دژیەک. ئەمەش لە دوو تەوەردا: تەوەری یەکەم لایەنی تیۆری ئەگرێتەوە، تەوەری دووەمیش لایەنی چێبەجێکردن وشیکاری.

**وشە کلیلییەکان**: چاوەڕواننەکراو، وەرگر، گاریگەری، دەقی شیعری، مەولەوی.

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە، لە گۆشەنیگای تیۆری وەرگرتنەوە قسە لەسەر پەیوەندی نێوان ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو و وەرگر ئەکات، تیشک ئەخاتە سەر ڕۆڵی چاوەڕواننەکراو لە پتەوکردنی دەقی شیعریدا و کاریگەریەکەی لەسەر وەرگر ڕوون ئەکاتەوە، ڕۆڵی وەرگریش وەک بەشدار لە واتادارکردنی دەقدا ڕوون ئەکاتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە، لە ژێر ناونیشانی (ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو و کاریگەریی لەسەر وەرگر لە شیعری مەولەویدا) و لە دوو تەوەردا بابەتەکە ڕوون ئەکاتە: تەوەری یەکەم، لایەنی تیۆرییە، تیشک ئەخاتە سەر تیۆری وەرگرتن و گرنگترین چەمکەکانی، تەوەری دوەمیش جێبەجێکاریە، لە چەند ڕوویەکەوە قسە لەسەر چاوەڕواننەکراو و پەیوەندی بە وەرگرەوە ئەکات، لە شیعری مەولەویدا.

شایەنی باسە چاوەڕواننەکراو هەر لەو بوارانەدا نیە کە لەم توێژینەوەیەدا دیاریکراون، بەڵکو ئەکرێت بە شێوازی تریش بەرچاو بکەون، بەڵام لە سنوری توێژینەوەیەکی لەم جۆرەدا، بوار نیە هەموو شێوازەکان باس بکرێن، هەر وەک چۆن بوار نیە لە دوو یان سێ نموونە زیاتر دیاری بکرێن و ڕاڤە بکرێن.

سروشتی توێژینەوەکە وا ئەخوازێت پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاری ببەستێت، نمونەکان لە دیوانەکە وەرگیراون، دواتر قسەیان لەسەر کراوە. بۆ دیوانەکەش، پشت بەستراوە بە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەرنووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، بڵاوکراوەی (انتشارات کردستان) لە سنە، چاپی سێیەم، ١٣٩٥.

**تەوەری یەکەم: دەقی ئەدەبی و ڕۆڵی وەرگر لە داڕشتنیدا**

دەقی ئەدەبی بە هەموو جۆرەکانییەوە بەردەوام جێی گرنگیی و سەرنجی ڕەخنەگران بووە، هەوڵیانداوە بە ڕێگا و دیدی جۆراوجۆرەوە لێی بروانن و بەدوای جوانی و خاڵە بەهێز و لاوازەکانیدا بگەڕێن. بۆیە بەردەوام بۆچوون و ڕێبازی ئەدەبی هاتوونەتە ئاراوە، هەریەکێکیان جەختی زیاتری لەسەر لایەنێکی دیاریکراو کردووە و لەڕێیەوە جوانیەکان و دەرهاویشتەکانی دەقی ئەدەبی ڕاڤە و گەنگەشە کردوون.

لەبەر ئەو هۆکارەی سەرەوەیە کە لە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕیبازی جۆراوجۆر ئەبینین، ئەو ڕێبازانەش گۆشەنیگای جیاوازیان بۆ ئەدەب و دەقی ئەدەبی هەیە، لە لایەنی جیاوازەوە لە دەقی ئەدەبی و کاریگەرییەکەی ئەڕوانن، وەک لایەنی دەروونی، یان جوانی، یان مێژوویی، یان مۆسیقی، و لایەنی تریش، بەشێوەیەکی گشتیش ئەو لایەنانە پەیوەستن بە ڕوخسار یان ناوەڕۆکی دەق، یان هەردووکیانەوە. جیاوازی لە ڕوانینی ڕێبازەکاندا؛ جیاوازی لە دیاریکردن و ڕیزبەندیی ڕەگەزە کاریگەرەکانی لێئەکەوێتەوە. بەواتایەکی تر، هەر ڕێبازێک جەختی زیاتر لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی دەق ئەکاتەوە و لە پلەیەکی باڵاتر هەژماری ئەکات.

لە میانەی ئەو ڕێبازە ڕەخنەیی و تیۆرە جیاوازانەی لە دەق ئەکۆڵنەوە، تیۆرێک پەیدا بوو کە گرنگییەکی تایبەتی بە وەگردا و کردیە چەقی لێکۆڵینەوە، بەو پێیەی وەگر ڕۆڵی گەورە و کاریگەر ئەبینێت لە بەرهەمهێنان و داڕشتن و واتا و ڕاڤەی دەقدا، ئەو تیۆریەش پێی ئەوترێت تیۆری وەرگرتن (Reception Theory)، کە ئەکرێت بڵێین: بریتییە لەو تیۆریەی کە گرنگی ئەدات بە پەیوەندی نێوان دەق و وەرگر، هەروەها جەخت ئەکاتە سەر ڕۆڵی وەرگر وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ لە بەرهەمهێنان و داڕشتنی دەق ولێکدانەوەی واتاکانیدا (هولب، ٢٠٠٠، ٢٦-٢٧).

ئەم تیۆریە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیست لە ئەڵمانیا گەڵاڵە بوو، لە لایەن یاوس (Hans Robert Jaus) و ئیزەر (Wolfgang Izer) ەوە، کە بۆچوونەکانیان ڕێچکەی لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەرخنەییەکانیان گۆڕی و بوونە هۆی برەوپێدانی دیدێک کە ڕۆڵێکی گەورە بە وەرگر ئەبەخشێت ( هولب، ٢٠٠٠، ٢٧-٢٨). تێڕوانینی ئەم تیۆریە جیایە لەو دیدەی پێیوابوو پەیوەندی نێوان نووسەر و وەرگر، یان دەق و وەرگر وەک پەیوەندی نێوان بەرهەمهێن و بەکارهێنە، چونکە لێرە ئەو پەیوەندیە دووجەمسەرەیە و هەردوولا کاریگەری لەسەر یەکتر جێدەهێڵن ( العبد، ٢٠٠٧، ٣٩).

کەواتە ئەگەر پێشتر گرنگی بە نووسەر و دەق درابێت، ئەوا ئەم تیۆرە ئاوڕی زیاتری لە وەرگر دایەوە، بەو پێیەی کە تەنها وەرگر نیە، بەڵکو بەشدارە لە بەرهەمهێنانی دەقدا، لەڕێی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و سەرلەنوێ خوێندنەوەیەوە، کە ئەکرێت لەم ڕێیانەوە واتای نوێی بەبەردا بکات، یان دیوە شاراوەکانی بدۆزێتەوە و لە پەیامەکەی تێبگات. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری وەرگر بکەین؛ دەق لەسەرەتا و کۆتاییدا وابەستەی وەرگرە و بێ ئەو بەهایەکی ئەوتۆی نامێنێتەوە.

لەبەر ئەو ڕۆڵەی وەرگر لە داڕشتنی دەق و تێگەیشتنیدا؛ بوو بە خاوەنی پێگەیەکی بڵند لە دیدی داڕێژەرانی ئەم تیۆریەدا، بۆیە ئەبینین لایان وایە کە وەرگر سەرچاوەی سەرەکی واتایە، چونکە ئەتوانێت ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکاتەوە کە لە دەقدا هەن، هەر ئەویشە بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانێت واتا بە دەق ببەخشێت (سلدن، ١٩٩٨، ١٦٨). بە جۆرێکی تر ئەتوانین بڵێین کە دەقی ئەدەبی بە کراوەیی بەڕووی وەرگردا ئەمێنێتەوە، ئەویش بەپێی هەلومەرجە جیاوازەکان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ ئەکات، بەمجۆرە مانەوە و بەردەامیی بۆ دەقەکە مسۆگەر ئەکات.

بەو پێیە، هەم وەرگر بوو بە جێی بایەخی لە پێشینەی ئەم تیۆرە، هەم کردەی وەرگرتن بوو بە هاوتای کردەی بەرهەمهێنانی دەق. چونکە وەک پێشتر باسمان کرد، وەرگر بەو ڕۆڵەی هەیەتی کاریگەر ئەبێت لە واتادارکردنی دەقدا، ئەوەش لە دوو ئاستدا (عبد الواحد، ١٩٩٦، ٢٢-٢٣):

1- ئاستی ڕووکەش و تێگەیشتنی سەرەتایی: لێرەدا وەگر بەریەککەوتنی لەگەڵ ڕووکەش و پێکهاتەی دەرەکی دەقەکەدا ئەبێت، زیاترچاوی لەسەر زمان و شێوازی دەربڕین و لایەنی هونەریی ئەبێت. بەڵام هەر ئەم مامەڵەیە پەلکێشی ئەکات بۆ ڕامان لە دەقەکە بەشێوازێکی وردتر و تۆکمەتر.
2- ئاستی ناوەوە و تێگەیشتنی قووڵ: لێرەدا وەگر خوێندنەوەیەکی قوڵتر بۆ دەق ئەکات و بە دیوی ناوە و لایەنە شاراوەکان ئاشنا ئەبێت، زیاتر ڕائەمێنێت، ئەو کاتە هەست بە بۆشایی و کەلێنی ناو دەقەکە ئەکات و هەوڵی پڕکردنەوەیان ئەدات، لەڕێی سەرنجدان و بیرکردنەوە و لێکدانەوەوە، مەمجۆرە

بەشدار ئەبێت لە واتادارکرنی تەقەکەدا. پێشەنگانی ئەم تیۆرە پێیان وایە ئەبێت دەق کەلێن و بۆشایی تێدا بێت و ڕێژەیەک ناڕوونی دروست بکات و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدا، تا وەرگر خۆی پێوە ماندوو بکات و چێژی گەیشتن بە ئەنجام بکات، بەمجۆرە ئەبێتە هاوبەش لە بەرهەمهێنانی دەقەکە، بە پێچەوانەوە ئەگەر دەقێکی بێ گرێ و کۆڵ بێت لەوانەیە بێزار بێت، وەک ئایزەر ئەڵێت ( هولب، ٢٠٠٠، ١٥٥). ئایزەر ئەم تێڕوانینەی لە دەرونزانیی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، کاتێک دوو کەس یەکتر نەناسن ئەوە زیاتر هەوڵی شارەزابوون لەیەک ئەدەن و بەتامەزرۆییەوە بەدوای ناسنامەی یەکتردا ئەگەڕین، چونکە هەریەکەیان وێنەیەکی ناواقعی لە بیری خۆیدا لەسەر ئەوی تر دروست ئەکات، ئیتر لەوێوە لەوی تر ئەپێچێتەوە.ئایزەر لێرەوە پێیوایە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان دەق و وەرگردا دروست ببێت ئەوە پێویستە هەندێک بۆشایی و ئاڵۆزی لە دەقدا هەبن، وەرگر پڕیان بکاتەوە و ڕوونیان بکاتەوە (ایزر، ١٩٨٧، ٦).

ئەمەش پێمان ئەڵێت کە داڕێژەرانی ئەم تیۆریە پێیان وایە کە ناکرێت بەدەر لەوەرگر بەدوای واتای دەقدا بگەڕێین، چونکە هەرچەندە دەق واتا لە خۆ بکرێت، ئەوا ئەکرێت وەرگر لەوەش زیاتر خوێندنەوەی بۆ بکات و ڕەهەندی وای پێببەخشێت کە بەبێ ئەو دەرنەکەوێت. ئەمەش کاتێک ئەبێت کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دەقێکی تۆکمە و خوێنەرێکی شارەزادا درووست ببێت.

ئەگەر زانیمان وەرگر ئەو ئەرکە تایبەتەی هەیە؛ گرنگە ئەو پرسیارەبکەین و بڵێین: وەرگر کێیە؟ چی وا ئەکات ڕۆڵی نووسەرێکی شاراوە ببینێت، یان واتا بەدەق ببەخشێت؟

لە ڕاستیدا ئەو کاتەی نووسەر پێنووس لەدەست ئەگرێت و لەڕێی وشەکانییەوە بۆچوونەکانی ئەهۆنێتەوە؛ خوێنەرێکی لە هزری خۆیدا ئامادەکردووە و ئەیدوێنێت، وەک ئەوە وایە قسەی لەگەڵ بکات و چاوەڕوانی پرسیار و ڕەخنە و لێکدانەوەکانی بکات، بۆیە بەوردییەوە ئەدوێت و ئەنووسێت، بەبێ ئەوەی سروشت و کەسایەتی و هەلومەرجەکانی دیاری بکرێن، واتە بەراورد ناکرێت بە هیچ خوێنەرێکی ڕاستەقینە، بەڵکو تەنها خەملاندنی بۆ ئەکرێت، بەو مەبەستەی دەقەکە تۆکمە و کاریگەر بێت (ایزر، ١٩٨٧، ٢٠-٣٠). ئەم خوێنەرە ئەبێتە نووسەرێکی شاراوە و بەشدار ئەبێت لە بەرهەمهێنانی دەقەکەدا، بۆیە ئەبینین دەقەکان بەپێی جیاوازی خوێنەرەکان جیاواز ئەبن، لەڕووی زمان و داڕشتن و ڕوونی و ئاڵۆزییەوە، کەسێک شیعری منداڵان بنووسێت جیاواز بیر ئەکاتەوە، بە بەراورد لەگەڵ نووسەری بابەتێکی فەلسەفی تایبەت و قوڵدا، چوونکە خوێنەرەکان جیاوازن.

لەبەر ڕۆڵی گرنگی وەرگرە کە بەردوام جەخت لە پەیوەندی و کارلێکی نێوان دەق و وەرگر ئەکرێت، چونکە دەق چەند هێڵێکی گشتی ئەنوێنێت و لایەنی هونەری لەخۆ ئەگرێت، لە کاتێکدا لەدایکبوونی کردەیی دەقەکە لەکاتی خوێندەوەدا ئەبێت، لێرەوە لایەنی جوانی دەق دێتە ئاراوە، ئەوەش لە ڕێی وەرگرەوە ئەبێت، واتە پێگە ڕاستەقینەی هەر کارێکی ئەدەبی لە نێوان دەق و وەرگردایە (اێزر، ١٩٨٧، ١٢). کەواتە وەرگر ئەتوانێت لەگەڵ نووسەردا بەشدار بێت لە واتادارکردنی دەقدا، چونکە لەڕێی دەقەکەوە ئەچێتە نێو بیرکردنەوەی نووسەرەوە، ئیتر وەک ئەو هەست ئەکات و بیر ئەکاتەوە، بۆیە جاک درێدا پێیوایە کە واتا پشت بە دوو کەس ئەبەستێت: کەسێکی باڵا کە نووسەرە، لەگەڵ کەسێکی هاوشێوەی ئەو کە وەرگرە (سلدن، ١٩٩٨، ١٧٠).

لەبەر ئەو پێگە و کاریگەرییەی وەرگر هەیەتی؛ پێشەنگانی تیۆری وەرگرتن و کەسانی تریش بە هێند لێیان ڕوانیوە، چ لە کاتی نووسین و ئەفراندنی دەقدا، چ لە دوای نووسین و لە کاتی خوێندنەوەدا، بۆیە سەرنجیان خستوەتە سەر چەند جۆرێک وەرگر، یان خوێنەر، وەک:

- خوێنەری شاراوە ( القارئ الضمني) (سلدن، ١٩٩٨، ١٧١): ئەو وەرگر یان خوێنەرەیە کە نووسەر لە کاتی نووسینی دەقەکەیدا، لە مێشکی خۆیدا وێنای ئەکات، ئەبێتە هۆکارێک لە چۆنیەتی و ئاستی دەقەکە، وەک پێشتر باسمان کرد. کەواتە ئەم جۆرە خوێنەرە ئەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی دەقەکە، لە ڕێیەوە نووسەر پێشبینی خوێنەری دەقەکەی ئەکات، بێ ئەوەی وردەکاری ناسنامەکەی دیاری بکات (ایزر، ١٩٨٧، ٣٠).
- خوێنەری ڕاستەقینە (القارئ الفعلي) (سلدن، ١٩٩٨، ١٧٢): ئەو خوێنەرەیە کە لە کاتی خوێندنەوەدا و بە پشتبەستن بە پێوەری جیاواز و پاشخانی هزری و ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆجی خۆی خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەق ئەکات. بۆیە ئەوترێت هەر بەرهەمێکی ئەدەبی وەک گەشت و سەیران وایە، نووسەر وشە دێنێت، خوێنەریش واتا (ایزر، ١٩٨٧، ٢٠). کەواتە لێرەدا خوێنەر ئەبێتە هاوتای نووسەر، هەم

واتا بەدەقەکە ئەدات، هەم چێژ لە خوێندنەوەی ئەبینێت، هەروەک چۆن نووسەر چێژ لە نووسینی ئەبینێت (مونسي، ٢٠٠٧، ٢٠).

لەبەر ڕۆڵ و پێگەی وەرگر، ئەم تیۆرە هەموو ئەو چەمک و باباتانەی لەخۆگرتن کە پەیوەندییان بە وەرگر و کردەی وەرگرتنەوە هەیە، بەڵام بە قووڵتر و وردتر، لەوانەش:

**چێژی جوانی** (المتعة الجمالية):

ڕێبازە ئەدەبییەکان هەمان بۆچوونیان دەربارەی چێژی جوانی نیە، هەیانە وەک بابەتێکی لاوەکی لە دەقی ئەدەبیدا سەیری ئەکات، وەکو ڕەخنەی مارکسی، لەبەرامبەریشدا ڕێبازی ترهەیە کە چێژی ئەدەبی بە مەبەستی سەرکی دەق دائەنێت، وەک تیۆری وەرگرتن (عبد الواحد، ١٩٩٦، ٢٥). ئەم جێژە لە پەیوەندی نێوان دەق و وەرگرەوە دروست ئەبێت، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەوە کاریگەری دوولایەنە دروست ئەبێت، ئەوەش بەرهەمی خوێندەوەی وەرگرە، واتە خوێندنەوە لێرەدا وەک کردەیەکی بەئامانج دەرئەکەوێت و کاریگەری بەجێئەهێڵێت، چونکە لەرێی خوێندنەوەی وردەوە وەرگر وەڵامی بۆ دەقەکە ئەبێت و کارلێکی لەگەڵ دەکات، ئەمەش ڕاستیەکە و نکوڵی لێناکرێت، تەنانەت ئەوانەشی جەخت لەسەر سەربەخۆیی دەقی ئەدەبی ئەکەنەوە و پێیان وایە پێویستی بە هەڵوەستەی وەرگر نیە، خۆیان کاتێک دەقەکان ئەخوێننەوە لێیان ڕائەمێنن و هەڵوەستە ئەکەن (إيزر، ١٩٨٧، ١١).

بەبۆچوونی ڕێبەرانی تیۆری وەرگرتن؛ ئەم چێژە ئەرکێکی گەورە لە کاتی کردەی وەرگرتندا ئەنجام ئەدات، ئەوەش بە دوو جۆر (سي هول، ١٩٩٢، ٩٢):

1- ئەو کاتەی وەرگر خۆی بەدەست دەقەوە ئەدات و ئەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، لێرەدا وەرگر بەشدار نابێت لە دروستکردنی دەق و واتاکانیدا، بەڵکو ئەکەوێتە ژێر گاریگەرییەکانی و چەندین هەستی وەک سەرسامبوون و بەزەیی و توڕەیی و بێزاری لە لا دروست ئەبن.
2- لەو کاتەی وەرگر لە ژێر کاریگەری چێژی دەقدا سەرنجی ئەبێت و هەڵوێست ئەنوێنێت، بە واتایەکی تر کارلێک لەگەڵ جوانییەکاندا ئەکات و لەلایەن ئەوانەوە ئاراستە ئەکرێت.

**ئاسۆی چاوەڕوانی** (أفق التوقع):

ئاسۆی چاوەڕوانی چەمکێکی جەوهەری تیۆری وەرگرتنە، بریتییە لە پاشخان و ئەزمون و تێڕوانین و دید و پێوەری وەرگر بۆ دەق، لە ڕێیانەوە خوێندنەوە بۆ دەقەکان ئەکات و بۆشاییەکانیان پڕ ئەکاتەوە، هەر لەم ڕێیەشەوە دەقەکان بەردەوامی و زویندویی خۆیان ئەپارێزن، چونکە ئەبنە بابەتی ئەزموون و سەرنجی بابەتیانەی وەرگرە جیاوازەکان (ياوس، ٢٠٠٤، ٤٣-٤٤).

لە کردەی وەرگرتندا، ئاسۆی دەق و ئاسۆی چاوەڕوانی تێکەڵ ئەبن، لە ئەنجامدا ئاسۆی وەرگر فراوانتر ودەوڵەمەندتر ئەبێت، چونکە کردەی وەرگرتن تەنها کردەیەکی بابەتیانەی پەیوەست بە دەقەوە نیە، بەڵکو فرەڕەهەندە و لە وەرگرێکەوە بۆ یەکێکی تر، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ئەگۆڕێت (إبراهيم، ٢٠٠٨، ٣٧).

یاوس ئەم چەمکەی لە گادامێر(Gadamier) و کارل پۆپەر (Karl Popper)ەوە وەرگرتوە، گادامێر چەمکی ئاسۆی پرسیار (أفق السؤال) بەکاردێنێت، کارل پۆپەریش چەمکی نەمانی چاوەڕوانی (خيبة التوقع) بەکاردێنێت، یاوس لە هەردوکیان ئاسۆی چاوەڕوانی دروستکردوە، چونکە پێیوابوو ئەو دوو چەمکە هاوکاری ئەبن بۆ سەلماندی گرنگیی ڕۆڵی وەرگرتن لە تێگەیشتن لە ئەدەب و مێژووی ئەدەب (محمد، ٢٠٠٢، ١٦-١٨).

مەبەستی گادامێر لە ئاسۆ ئەوەیە کە ناکرێت لە هیچ ڕاستییەک تێبگەین تا ئەو کاتەی لە لێکەوتەکانیشی تێئەگەین، بۆیە داوای ئەکرد کە تێگەیشتنێکی مێژوویی هەبێت بۆ ڕووداوەکان و دەقەکان، وەک مەرجێکی سەرەکی بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و تێگەیشتن لە هەردەقێک، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە سەربوردەی مێژوویی هەر ڕوداو و دەقێک لەگەڵ دید و بۆچوونی وەرگردا یەک ئەگرن و سەرلەنوێ واتا بە دەقەکە ئەبەخشنەوە. گادامێر ئەمە ناو ئەنێت ئاوێتەبوونی ئاسۆکان، ئاسۆی دەق و ئاسۆی وەرگر. بەو واتایەی کە دەق بەتەنیا واتایەکی تەواو نەگۆڕ نادات بەدەستەوە، وەرگریش بەبێ گەڕانەوە بۆ سەربوردەی دەقەکە ناتوانێت لێی تێبگات، بەڵکو هەردوو پێکەوە ئەتوانن نهێنیەکانی دەق ئاشکرا بکەن و واتایەکی گونجاوی لی دەربێنن.

هەروەک چۆن سودی لە گادامێر وەرگرتوە؛ یاوس سودی لە کارل پۆپەریش وەرگرتوە کە پێیوایە ئێمە ئەو کاتەی گومان لە ئەگەر و پێشبینییەکانمان ئەکەین، ئیتر پەنا بۆ واقع ئەبەین تا لە ڕستییەکان تێبگەین، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە بۆ تێگەیشتن لە دەق و واتاکانی، پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ سەرگوزشتە مێژوویەکەی ئەبێت، لە پاڵ دنیابینی و تێگەیشتنی خۆماندا. لێرەشەوە دیسان هەردوو ئاسۆی دەق و وەرگر تێکەڵ ئەبن و کردەیەکی سەرکەوتووی وەرگرتن دێتە بوون.

کەواتە لە ڕێی ئاسۆی چاوەڕوانییەوە واتای دەق دێتە بوون، بە پشتبەستن بە هێڵەگشتی و سەربوردەکانی دەق، لەگەڵ تێگەیشتن و لێکدانەوەی وەرگر، کە لە وەرگرێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەگۆڕێت. ئەمەش هۆکاری لێکدانەوە و واتا جیاوازەکانی هەمان دەق لە لایەن وەرگرە جیاوازەکانەوە ڕوون ئەکاتەوە.

لای یاوس، بە پێی ئەو بۆچوونەی هەیەتی، ئاسۆی چاوەڕوانی سێ لایەن ئەگرێتەوە (یاوس، ٢٠٠٤، ٤٤):

1 - ئەزموونی پێشوەختەی وەرگر دەربارەی دەق و جۆرەکەی.
2 - جۆر و ناوەڕۆکی ئەو کارە ئەدەبییانەی پێشتر زانراون.
3 - دژیەکی نێوان زمانی شیعر و زمانی زانستی، یان دژیەکی نێوان چاوەڕوانکراو و واقع.

ئەم لایەنانە بەردەوام لە گۆڕاندان، کەواتە ئاسۆی چاوەڕوانیش جێگیر نیە، بەڵکو دەگۆڕێت، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، لە وەرگرێکەوە بۆ یەکێکی تر، هەر ئەمەش واتای جیاواز بە دەق ئەبەخشێت، دیسان ئەمەش گرنگی کردەی وەرگرتن دەرئەخات لە واتادارکردن ونیشاندانی جوانییەکانی دەقدا.

**مەودای جوانی** (المسافة الجمالية) :

وەک پێشتر باسمان کرد، وەرگر ئاسۆیەکی چاوەڕوانیی هەیە، لە ڕێیەوە لە دەق ئەڕوانێت، بەڵام هەندێکجار دەق پێچەوانەی ئەو ئاسۆیە ئەبێت، لێرەوە جیاوازی و دابڕان و مەودایەک لە نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی وەرگردا درووست ئەبێت، یاوس ناوی ئەنێت مەودای جوانی (یاوس، ٢٠٠٤، ٤٧).

بە بۆچوونی یاوس، بۆ ئەوەی بڕیار لە جوانی هەر دەقێک بدەین، ئەبێت سەیری کاردانەوەی یەکەمی وەرگرەکان بکەین، بزانین ئایا ئەو دەقە لە ئاست چاوەڕوانیەکەیاندایە، یان کەمترە، یان زیاتر؟ ئەمەش بەو مەودای جوانیە ئەپێورێت کە لە نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی وەرگردا درووست ئەبێت، هەتا ئەو مەودایە کەمتر بێت ئەوە بەهای جوانی دەقەکە کەمتر ئەبێت، واتە دەقەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر وەرگر درووست ناکات، وەک ئەو کتێبانەی دەربارەی هونەری چێشتلێنان ئەنووسرێن، کە هاوتان لەگەڵ ئاسۆی وەرگر وهیچ گۆڕانکارییەک لەسەر بیرکردنەوەی دروست ناکەن. بەڵام چەند ئەو مەودایە زیاتر بێت ئەوا هێندە کاریگەریی بەرهەمی ئەدەبی زیاتر ئەبێت، چونکە ئەبێتە هۆی بزواندنی هۆش و ئەزموونی وەرگر، تا لێکدانەوە و مامەڵەیەکی نوی لەگەڵ دەقەکەدا بکات (القعود، ٢٠٠٢، ٣٤٥). لەم مامەڵە نوێیەدا، لەوانەیە وەرگر بە هەندێک واتای نوێ بگات کە پێشتر بیری لێنەکردوونەتەوە، بەڵام هەر بەشێک بوون لە ئاسۆی خۆی، ئەگەرچی هەستیشی پێنەکردوون (هولب، ٢٠٠٠، ١٤٥).

کەواتە ئەو مەودایەی لە نێوان ئاسۆی دەق و ئاسۆی وەرگردا دروست ئەبێت، ئەبێتە پێوەری ڕسەنایەتی و دەوڵەندی دەق و بڕی کاریگەرییەکەی؛ چونکە وەرگر ئەجوڵێنێت تا سەرلەنوێ و بە دیدێکی ترەوە لە دەقەکە ڕامێنێت. لێرەشەوە ئەکرێت خوێندنەوەی جیاواز بۆ هەمان دەق بکرێت و واتای جیاوازی لێدەربهێنرێت، چونکە بەپێی وەرگرەکان ئەو مەودای جوانییە ئەگۆڕێت، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە ڕەهەندی مێژوویی جێدەستی خۆی لەسەر خوێندنەوە جیاوازەکان جێدەهێڵێت، بەو پێیەی ئەکرێت لە قۆناغێکی مێژوویدا -کە خوێندنەوەی دەقەکەی تێدا دەکرێت- بابەتێک لە بابەتەکان زیاتر سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت، جیا لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکە، یان هەر قۆناغێکی تری مێژوویی، واتە هەم دەقەکە و هەم وەرگریش ئەکەونە ژێر کاریگەریی هەلومەرجە مێژووییە جیاوازەکان ( عصفور، ١٩٩٤، ٤٣).

هەرچەندە مەودای جوانی لێککەوتەی ئەرێنی هەیە لە کردەی وەرگرتندا؛ بەڵام لەوانەیە هەندێکجار پێچەوانە بێت، چونکە ئەکرێت ئاسۆی یەکێک لە لایەنەکانی وەرگرتن – کە دەق و وەرگرن- بەرز بێت و هی ئەوی تریان نزم بێت، لەم کاتەشدا نەک هیچ کارلێکێکی چێژبەخش دروست نابێت؛ بگرە بێزاریشی لێئەکەوێتەوە (القعود، ٢٠٠٢،

٣٤٤). بەدەربڕینێکی تر، ئەو کاتەی دەقێکی ئاستبەرز ئەکەوێتە بەردەست خوێنەرێکی کەمئەزموون، یان خوێنەرێکی شارەزا و بەئەزموون دەقێکی لاواز ئەخوێنێتەوە؛ ئیتر چاوەڕێی بێزاری ئەکرێت، نەک سەرسامی.

**چاوەڕواننەکراو** (اللامتوقع):

وەک لە مەودای جوانیدا بینیمان، دەقی تۆکمە و بەهێز ئەوەیە بتوانێت کار لە وەرگر بکات و ئاسۆی چاوەڕوانیی تێپەڕێنێت، ئەمەش لە ڕێی ئەو کەلێن و بۆشایی و ڕەگەزە چاوەڕواننەکراوانەوە ئەبێت کە لە دەقەکەدا هەن، چونکە وەرگر ناچار ئەبێت بە چێژ و تامەزرۆییەوە بەدوای نهێنیەکاندا بگەڕیت، لەم ڕێگەیەشەوە لە پەراوێزی بەرهەمە ئەدەبیەکان دوور ئەکەوێتەوە و ئەبێتە چەقی وەرگرتنیان.

کاتێک وەرگر هیچ شتێکی نوێ لە دەقدا نەبینێت، ئاساییە پێی کاریگەر نەبێت ، بەڵام کاتێک شتێکی نوێ و چاوەڕواننەکراوی دێتە ڕێ، ئیتر بە گوڕ و تینێکی ترەوە لە دەقەکە ڕادەمێنێت و بەدوای واتاکانیدا ئەگەڕێت (هولب، ٢٠٠٠، ١٤٣). بە واتایەکی تر، نووسەر ئەتوانێت لە ڕێی بابەتە چاوەڕواننەکراوەکانەوە ڕەزامەنی وەرگر بەدەست بهێنێت، ئەمەش لە دەقناسیدا پێی وەترێت پەسەندگەرایی (Acceptability) ( DE BEAUGRAND, 1980, 20). کەواتە دەقی سەرکەوتوو ئەوەیە بتوانێت پەیامەکەی بگەیەنێت و لای وەرگریش پەسەند بێت، ئەمەش پێمان ئەڵێت چەندە گەیاندنی پەیام لە دەقدا گرنگە، هێندەش پەسەندبوونی لای وەرگر گرنگە، چونکە وەرگر لایەنێکی گرنگی کردەی وەرگرتنە، بۆیە پێویستە بە گرنگییەوە لێی بڕوانرێت، بۆ ئەمەش پێویستە داڕشتنی دەق بەجۆرێک بێت بتوانێت کاریگەری لەسەر وەرگر بەجێبهێڵێت، بێگومان بەشێک لەو گاریگەرییە لە ڕێی ڕەگەزی چاوەڕواننەکراوەوە ئەبێت، کە هەر شتێک ئەگرێتەوە لە سەرووی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگرەوە بێت. بەڵام ئەبێت ئەوەش بڵێین کە پێویستە وەرگریش لە ئاستێکی باشدا بێت و خۆی بۆ خوێندنەوەیەکی ئامانجدار و قوڵ ئامادەکردبێت، لە بارودۆخێکدا بێت ڕێی پێبدات پەی بە جوانییەکانی دەق ببات (یاوس، ٢٠٠٤، ١٦).

لە کاتی خوێندنەوە و وەرگرتنی دەقدا، پێویستە وەرگر دەستکراوە بێت، ڕاستە پشت بە پاشخانی ڕۆشنبیریی خۆی ئەبەستێت، لەسەر ئەویشەوە پێشبینی و چاوەڕوانیەکانی درووست ئەبن، بەڵام هەندێک جار، بەدەر لەو پاشخان و چاوەڕوانیانە، بابەتی چاوەڕواننەکراو و نامۆ دێنە پێش، ئەمە ئەبێت هاندەر بێت بە خۆیدا بچێتەوە و سەرلەنوێ چاوەڕوانیەکان و واتای دەقیش بنیاد بنێتەوە، بەمجۆرە هەم تێگەیشتن و ئاسۆی وەرگر قووڵتر ئەبێت، هەم بەشدار ئەبێت لە بەرهەمهێنانی واتای دەقدا، بەجۆرێک لەوانەیە پێشتر بە بیریدا نەهاتبێت (هولب، ٢٠٠٠، ١٤٣-١٤٥).

بە پشتبەستن بەوەی باسمان کرد، ئەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان دەق و وەرگر پەیوەندییەکی دوو جەمسەرە، لە لایەکەوە پێویستە دەق بەجۆرێک داڕێژرابێت بتوانێت ئامانجەکەی خۆی بگەیەنێت و کاریگەریش لەسەر وەرگر درووست بکات، لەلایەکی تریشەوە، وەرگر خاوەن ئاسۆیەکی فراوانی بیرکردنەوە بێت. هەرچەندە دەقەکە تۆکمە و قوڵ بێت و ئاسۆی چاوەڕوانیەکانی وەرگر تێپەڕێنێت؛ ئەوە بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکەی لەسەر وەرگر زیاتر ئەبێت، بۆ ئەوەی ئەو کاریگەرییەش زۆرتر بێت، پێویستە بابەتی چاوەڕواننەکراو ئامادەییەکی باشی هەبێت. لەهەمان کاتدا دەقێکی قوڵ و بەهێز پێویستی بە خوێنەرێکی بە ئەزموون دووربین هەیە، تا لەبەردەمیدا دەستەوسان نەبێت و بێزار نەبێت، بەڵکو بتوانێت بیر و هزری خۆی بەگەڕ بخات و بێ ماندووبوون بە تان و پۆی دەقدا گوزەر بکات. بەم جۆرە، ئەو پەیوەندیە لە نێوان دەق و وەرگردا درووست ئەبێت کە پێشەنگانی تیۆری وەرگرتن باسی ئەکەن.

**تەوەری دووەم: ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو لە دیوانی مەولەویدا**

بۆ ئەوەی پەیوندی نێوان دەق و وەرگر و ڕۆڵی ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو لەو پەیوەندییەدا دەربخەین؛ پەنامان بۆ شیعری زانا و شاعیری پایەبەرزی کورد مەولەوی برد، کە ناوی تەواوی بریتییە لە سەید عەبدوڕڕەحیمی کوڕی مەلا سەعید، لە نەوەی مەلا یوسف جانی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موسەننیفی چۆڕییە، ئەگەڕێتەوە سەر خواناسی بەناوبانگ سەیید موحەممەد زاهید، کە بە پیر خدری شاهۆ ناوبانگی دەرکردووە. مەولەوی لە ساڵی ١٢٢١ ی کۆچی کە ئەکاتە ١٨٠٦ ی زایینی لە گوندی سەرشاتە، لە ناوچەی تاوگۆز لە دایکبووە، ساڵی ١٣٠٠ ی کۆچی کە ئەکاتە ١٨٨٦ ی زایینی، کۆچی دوایی ئەکات و لە گۆڕستانی ئەسحابە لە نزیکی سەرشاتە بەخاک ئەسپێردرێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ١٥-١٧).

مەولەوی یەکێکە لە کەڵە شاعیرە بە توانا و داهێنەر و ناودارەکانی کورد، شیعری مەولەوی لە ڕووی ڕوخسارەوە سەر بە قوتابخانەی شیعری کلاسیکی و شیعری میللی سەر بە دیالێکتی گۆرانییە، لە چوارچێوەی ئەدەبی گۆراندا

سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، شیعری لەبوارەکانی ئایین و سروشت و خۆشەویستی و پیاهەڵدان و لاواندنەوە و نەهامەتی و بواری تریشدا نووسیوە (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ٣٥١-٣٥٩).

مەولەوی زۆر شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ هەر بابەتێکدا ئەکات دەستی بۆ بردبێت، بە توانایەکی کەموێنەوە گوزارشت لە دید و سەرنجەکانی ئەکات، توانیویەتی مەبەستەکانی بە سەرکەوتویی بە وەرگر بگەیەنێت. ئەوەشمان لە بیر نەچێت زۆر جار پێویستە وەرگر شارەزا و بە ئەزموون و لێهاتوو بێت، بە دوای ئەو واتایانەدا بگەڕێت کە بە ئاسانی خۆیان بە دەستەوە نادەن، یان لە پشت واتا ڕووکەشییەکانەوە واتای تر بخوێنێتەوە، کە ئەکرێت ئەوانە، یان هەموویان مەبەستی شاعیر بن. بۆیە ئەرکی وەرگر ئەوەیە بێ ماندووبوون بە جیهانی بەرفراوانی شیعری مەولەویدا گوزەر بکات، دەست و پەنجەی لەگەڵ زمان و شێوازی دەربڕینیدا نەرم بکات، جگە لەوەش ئاسۆی ڕوانینی هێندەی ئاسۆی شیعرەکانی مەولەوی فراوان بکات، تا بتوانێتن چێژ وەربگرێت لەوەی چاوەڕوان ئەکرێت، یان ئەوەی چاوەڕواننەکراوە.

دنیای شیعری مەولەوی فراوانە، شێواز و هونەری دەربڕینیشی جۆراوجۆر و ئاستیشی باڵایە، ئێمە لێرەدا لەسەر چەند لایەنێک ڕادەوەستین، تا بزانین چۆن ڕەگەزی چاوەڕواننەکرا و بەکار ئەخات و تا چ ئاستێک کار لە وەرگر ئەکات، بۆیە تیشک ئەخەینە سەر: وێنەی شیعری، دقئاوێزان، ڕەوانبێژی، گەمەی زمان، دژیەک.

**وێنەی شیعری** (الصورة الشعرية)**:**

وێنەی شیعری بە یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی شیعر و جوانیی شیعر هەژمار ئەکرێت، چێژ و کاریگەریەکی زۆری پێ ئەبەخشێت، چونکە لەو ڕێیەوە شاعیر بەشێوەیەکی هونەریی جوان گوزارشت لە هەست و ناخی خۆی ئەکات، تا بتوانێت وەرگر کەمەندکێش بکات و تێکەڵ بە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی بکات، ئەمەش بە تێکەڵەیەک ئەبێت لە زمانی شیعریی تایبەت و هێزی خەیاڵی شاعیرانەی قوڵ و بەرهەمهێن کە توانا و هێزێکی کارا بە وشەکان ئەبەخشێت و هەردووکیان پێکەوە وێنەی شیعری بەرهەم ئەهێنن (عصفور، ١٩٩٢، ٣٢٣-٣٢٩).

مەولەوی لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا وەستایەکی کارامەیە و دەستێکی باڵای هەیە، هەر کەسێک لە دیوانەکەی ڕامێنێت زۆر بە ئاسانی هەست بەم ڕاستییە ئەکات. وێنەکانی بە جۆرێکن وەرگرئەبەنە قوڵاییی خۆیان و بە ئاسانی پەی بە هەست و سۆز و خەیاڵی شاعیر ئەکات، چونکە وێنەکان بە ڕاستی گوزارشت لە ناخ و ئازار و سەرنج ودنیابینییەکانی مەولەوی ئەکەن، بۆیە ڕستگۆییانە پەنای بۆ بردوون، ویستویەتی مەبەستی خۆی بە جۆرێگ بگەیەنێت بگاتە وەرگر و پەسەندی بکات.

یەکێک لەو وێنانە لەو شیعرەدا دەرئەکەوێت کە بۆ شێخ بەهادینی ناردووە، کە لە دوو دێڕی کۆتاییدا ئەڵێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ٥٩٤):

**باڵاخانەی چەم دیوانەکەی تـــــۆ     بانەناو وە گڵ ئاسانەکەی تـــــۆ**

**تکەش عاجز کەرد خەیاڵـت تێشدا     ئازیز بو جارێ پا بنیە پێشـــــــدا**

سەیرێکی ئەم دوو دێڕە شیعرە بکەین ئەبینین چ وێنەیەکی ورد و قوڵ وئاڵۆزی کێشاوە، ئەڵێت: ئەی ئازیز، چاوم دیوەخانی وێنەی تۆیە، بەو پێیەی هەمیشە بیری ئەکات و وێنەی ئەوی لەبەر چاوە. وە بان چاویشم بە گڵی بەرپێی تۆ سواغ دراوە، بانەکەم ئێستا دڵۆپە ئەکات و وێنەکەت تەڵخ بوە. مەبەستی ئەوەیە کە بۆ ئازیزیی ئەگریت و چاوی فرمێسک ئەڕێژێت، دیارە کاتێک مرۆڤ بگری شتەکان بە تەڵخی ئەبینێت. ئینجا ئەڵێت، سا ئازیز وەرە پێ بنێ بە بان چاومدا با چیدی دڵۆپە نەکات. وەک ئەزانین شوێنێک دڵۆپە بکات ئەبێت بشێلرێت تا توند بێتەوە و تکەتکی ئاوەکە ڕاوەستێت، وەک چۆن بانگردێن لەسەربانە قوڕەکان بەکاردێت.

مەبەستی ئەوەیە، ئەی ئازیز، وەرە پێ ناسکەکانت بنێ بەسەر چاومدا، با دامرکێن و فرمێسک نەڕێژن. چونکە بەو پێپیانانە جۆرێک لە نزیکی و وەسڵ دروست ئەبێت، ئیتر بیرکردن نامێنێت و دڵ دائەمرکێتەوە و فرمێسک ڕائەوەستێت و وێنەکە ڕۆشن ئەبێتەوە.

لێرەدا وەرگر خۆی لە بەرامبەر وێنەیەکی فرەلایەندا ئەبینێتەوە، وێنەیەک هێندە سادە نیە بە ئاسانی بێت بەدەستەوە، بگرە لە دەرەوەی چاوەڕوانیدایە، بۆیە پێویست ئەکات خۆی لەگەڵدا ماندوو بکات و هەموو پارچەکانی لێک بداتەوە،

تا بتوانێت لە مەبەستە گشتییەکە تێبگات. ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپات ئەکاتەوە کە پێویستە وەرگر بەشدار بێت لە واتادارکردنی دەقدا، لەڕێ تێڕامان و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و لێکدانی بەشەکانیدا.

لەوانەیە بتوانین بڵێین ئەم وێنەیە پێش مەولەوی کەس بیریشی لێ نەکردوەتەوە، وێنەیەکە ئەو بۆچوونە ڕائەگرێت کە پێیوایە دەقە ئەدەبی و وێنە شیعریەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان دوبارەن. وەک ئەوەی رولان بارت ئەڵێت: هەموو دەقێک شوێنەواری دەقی تری لەسەرە (BARTHES, p.4). بەهەمان شێوە جیرار جنێت پێیوایە کە پەیوەندی لە نێوان هەموو دەقەکاندا هەیە، نهێنی بێت یان ئاشکرا (GENETTE, 1979, 87)، هەموو دەقێک لەسەر شوێنەواری دەقی تر بونیاد نراوە، وەک ئەوەی لەسەر پارچە پێستێک بنوسیت، دواتر ئەو نووسینە بسڕیتەوە تا نووسینێکی تری لەسەر بکەیت، بەڵام شوێنەواری نووسینە کۆنەکە هەر ئەمێنێت (البادي، ٢٠٠٩، ٢٢).

ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین ئەم وێنەیەی مەولەوی زۆر ناوچەییە، وێنەی ژوورێکە لە خانوویەکی قوڕینی ماندوی گوندێکی هەورامان، کە بەرامبەر نمەی باران خۆڕاناگرێت و دانیشتوانی هەراسان ئەبن، وەک ئەوەی بەسەر مەولەویدا هاتووە، ئیتر ئەوەی کردووەتە بیانوو تا خۆشەویستی خۆی بۆ شێخ دەربڕێت. واتە بەدەر لەوەی بێزاری نیشانبدات کە ئەمە چاوەڕوانکراوە، کەچی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بارودۆخەکە ئەقۆزێتەوە و وێنەیەکی ناوازەی لێئەکێشێت و خۆشەویستییەکی قوڵ و ڕاستگۆیانە بۆ شێخەکەی تۆمار ئەکات. بۆیە زیادەڕەوی نیە ئەگەر بڵێین وێنەیەکە کەس بیریشی لێنەکردووەتە، وەک بەشێک لە وێنەکانی تریشی.

وێنەی ورد و ڕازاوە و چاوەڕواننەکراو لە دیوانی مەولەی نابڕێت، بۆ نموونە جارێکیان بۆ دیدەنی مەحموود پاشای جاف ئەڕوات، کاتێک ئەگات، خانمێکی جوان گۆشەی دەوارەکە بەرز ئەکاتەوە، مەولەویش ئەمە ئەبینێت و ئەڵێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ٤١٠):

**گۆشەی سیاماڵ هورد و دیـــــــاوە          چون مانگ نە گۆشەی هەوری سیـــاوە**

**بە خودا قەسەم پاسەم ئومێــــــدەن          ( حورٌ مقصوراتٌ في الخِيام) ئێــــــدەن**

واتە: ئەو خانمە گۆشەی ڕەشماڵەکەی هەڵدایەوە و لە پشتیەوە دەرکەوت، لە جوانیدا لە مانگی سپی و جوانی پشت هەوری ڕەش ئەچوو، سوێند بە خوا من ئومێدەوارم کە خوای گەورە هەر ئەمەی مەبەست بووبێت کاتێک لە باسی حوریەکانی بەهەشتدا ئەفەرمێت: (حورٌ مَقْصوراتٌ في الخِيام) (قورئانی پیرۆز، الرحمن، ٧٢)، واتە بەهەشتییەکان چەند حوریەکیان هەیە، هەمیشە لە خێوەتدان و دەرناچن.

ڕەش و سپی دوو ڕەنگی گونجاو و جوانن پێکەوە، سەرنجی کەسی جوانیناس ڕادەکێشن، بۆیە چاوەڕوان ئەکرێت ڕوخساری جوان و سپیی خانمەکە لە بن ڕەشماڵەکەدا سەرنجی مەولەوی ڕابکێشێت، جا بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە جوانە پەسن بکات و بۆ خوێنەری بگوازێتەوە، دیسان چاوەڕوان ئەکرێت پەنا بۆ مانگ ببات تا ڕوخساری خانمەکەی پێبچوێنێت، ئەمە لە شیعری شاعیراندا زۆرە، وێنەکە جوانتر ئەبێت کاتێک هەوری ڕشیش دێتە ئاراوە، ئیتر دیمەنی مانگی پشت هەوری ڕەش هاوکاری مەولەوی ئەبێت تا پێی بڵێت چ جوانیەکی دڵگیری بینیوە.

لەوانەیە ئەوەندەی وترا بەس بێت بۆ وەرگر تا لە هەست وکاردانەوەی مەولەوی بەرامبەر دیمەنەکە تێبگات، لە ڕاستیدا ئەوەش لە هەستی ناسکی شاعیران چاوەڕێ ئەکرێت. کەچی ئەبینین مەولەوی هەر بەوەندە ڕاناوەستێت، هەست ئەکات هێشتا کەمی وتوە، بۆیە ئەیەوێت قورساییەکی زیاتر بە وێنەکە بدات و دیمەنەکە بەرزتر بنرخێنێت، بۆ ئەمەش هیچ دیمەنێکی دنیایی بە بارتەقای دیمەنی حوریەکانی ناو خیوەتەکان لە دواڕۆژدا نابینێت.واتە وێنەیەکی ئاوێتەی نەخشاند، هەم خانمەکەی بە مانگ و حوری چواند، هەم خێوەتەکەشی بە هەوری ڕەش و خێوەتی دواڕۆژ چواند.

لە بەرامبەر وێنەیەکی لەم چەشنەدا؛ دەرئەنجامێکی ئاساییە وەرگر کاریگەر بێت و بپرسێت: ئاخۆ ئەبێت مەولەوی چی دیبێت، وا دڵی بەوە داناکەوێت بە مانگی گەشاوەی پشت هەوری بچوێنێت، نەک هەر ئەوەندە، بگرە بە حوورییەکانی بەهەشتیشی نەگۆڕێتەوە؟

یەکێکی تر لەو وێنە شیعریانەی شارەزایی و کارامەیی و سەرنجی وردی مەولەوی بەدەر ئەخات، تەنها دێرە شیعرێکە، بەڵام دێرێکی پڕ لە جوانی و وردەکاری، کاتێک باس لە چرکەساتی نوسینی شیعر دەکات، ئەو کاتەی دەست بۆ قەڵەم ئەبات و لە ژوانێکی عاشقانەدا پەنجەکانی لە گەردنی قەڵەم دەئاڵێن، قەڵەمیش لە خۆشی دیداردا

وشەی وەک گەوهەری لێئەبارێت، کاغەزی وەک ئاوریشمی بەردەستیش؛ دانەدانەی گەوهەر لەخۆ دەگرێت و لە جوانترین تابلۆی شیعریدا نمایشیان دەکات، ئەڵێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ١٤٤):

**پەنج بیەن وە شەش، شەش ڕوو کەرد نە پەنـــــج**

**حــەریر نەمابەین بیــەن گەوهــەر سەنـــــــــــج**

واتە: قەڵەمم لە دەست گرت و لەگەڵ پێنج پەنجەی دەستم بوون بە شەش، هەر شەشیان ڕویان کردە پێنج پەنجەکەی تر کە لەسەر ڕوومەتی کاغەزەکەی بەردەستم دامناون، کاغەز دەڵێی ئاوریشمە، ئەو وشانەی لە قەڵەمی دەستم دادەبارێن و لەگەوهەر دەچن، جوان جوان کۆیان دەکاتەوە و ڕێکیان دەخات.

ئیتر ئەم تابلۆ جوانە چۆن نانەخشێت؟! دەی کاتێک دەستێک لە ملی قەڵەم ئەکات و دەستێکی تریش بە ڕوومەتی وەک ئاوریشمی کاغەزدا دێنێت؛ ئیتر ئەو جوانیە لە دایک دەبێت کە وەگر مەست ئەکات، ئەو جوانیە مەگەر هەر لای مەولەوی دەست بکەوێت، ئیتر بۆ بەوپەڕی متمانەوە وشەی خۆی بە گەوهەر نەچوێنێت؟!

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ژمارەکانی ئەم دێڕە پێویستییان بە تێگەیشتن و بەشداری کارای وەرگر هەیە تا واتا بدەن بەدەستەوە، لە ڕێی ئەم بەشدارییەوە ئەتوانێت ببێتە بەشێک لە دەقەکە، چونکە ئەو ئەتوانێت ئەو کەڵێنە واتاییە پڕ بکاتەوە کە ژمارەکان دروستیان کردوە، بۆیە کاتێک ئاسۆی دەق و ئاسۆی بیرکردنەوەی وەرگر تێکەڵ ئەبن، واتای وێنە شیعریەکە تەواو ئەبێت.

ئەم نمونانە پێمان ئەڵێن مەولەوی چەند سەرکەوتوو بوە لە گەیاندنی مەبەستەکانیدا لەڕێی وێنەی شیعرییەوە، ئەمەش تۆکمەیی و قوڵیی دەقی شیعری مەولەی دەرئەخات، چونکە سەرکەوتن لە گەیاندنی مەبەستدا کە بە مەبەستگەرایی (Intentionality) ئەناسرێت (DE BEAUGRAND, 1980, 19-20)، لە زانستی دەقناسیدا بە یەکێک لە مەرجە گرنگ و پێوەرە سەرەکیەکانی دەقی تۆکمە هەژمار ئەکرێت.

**دەقئاوێزان** (التناص):

دەقئاوێزان بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی دائەنرێت، لە هەمان کاتدا چەمکێکی ڕەخنەیی و جێی بایەخی ڕەخنەگرانە، لە بەر ئەو بەشدارییە کاراییەی لە بەرهەمهێنانی دەقداهەیەتی، چونکە ئاماژەیە بۆ ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان دەقێک و دەقێکی تردا هەن(DE BEAUGRAND, 1980, 10) . دەکرێت ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆ بێت، دەقە نوێیەکە بەشێک لە دەقەکانی پێش خۆی لە خۆبگرێت، یان ناڕاستەوخۆ بێت و ئاماژەی بۆ ناوەڕۆکی دەقێکی کۆنتر تێدا بێت. کەواتە ئەم چەمکە گرنگی بەو پەیوەندیانە ئەدات، چ لە ڕووی ڕوخسار، چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

ئەوانەی قسە لەم چەمکە ئەکەن بۆچوونیان وایە کە هەر دەقێک خاڵی یەکگرتنی چەندین دەقی ترە، کە بەشێکن لە ئەزموون و پاشخانی ڕۆشنبیریی نوسەر، بۆیە نوسەر هەرچی بکات ئەوا دەقە پێشینەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەبێت و ئاماژە و شوێنەواریان دیار ئەبێت (KRISTEVA, 19691, 146 ). ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە هەر دەقێک تێکەڵەیەکە لە هەڵهێنجان و ئاماژە و ڕەنگدانەوەی دەقی تر (Barthes, 1984, 76).

مەولەوی زۆر بەوردی هونەری دەقئاوێزانی بەکارخستوە، لەو شوێنەی کە زانیبێتی پێویستە پەنای بۆ بردوە، تا مەبەستی خۆی لە دەقێکی هونەری و قووڵ و ڕازاوەدا بە وەرگر بگەیەنێت، وەک ئەو شیعرەی لە وەڵامی مەلا یونسی خەڵکی گوندی لوقمەماسی نووسیەویەتی، کە مەلا بوە لە گوندی کوڵەسارەی هەورامان (مەلا ساڵح، ٢٠٠٨، ٣٩)، ئەڵێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ٤١٩):

**لوقمەکەی ماساو قوڵی دەریای مەیـــــل      لوختی سای کۆڵەی سارای دەردی مەیل**

**یاوا پێم نامەی وەش تەحریرەکـــــــــەت      ئینشای دەروون سۆز پڕ تەئسیرەکـــەت**

واتە: ئەی پارووی ناو دەمی ماسیی ناو دەریای قوڵی مەیل و خۆشەویستی، ئەی ڕووت و قووتی بەر سێبەری کولەکەی دەشت و سارای دەرد و مەینەتی لەیل، نامە جوانەکەتم پێگەیشت، کە بە سۆزی کاریگەری دەروونت نووسیبووت.

مەولەوی ئەیتوانی هەرچۆنێک بوە وەڵامی مەلا یونس بداتەوە، بەڵام مەبەستی بوە وەڵامێکی پڕ سۆزی بداتەوە، هەروەک نامەکەی هاوڕێکەی، بۆیە هەم توانا زمانەوانیەکانی خۆی بەکارخستوە، هەم هەستی ناسک و گەرمی شاعیرانەی، تا بتوانێت وەڵامێکی پەسەند بۆ هاوڕێکەی و هەر وەرگرێکی تریش بنووسێت. بۆیە هەر لە ناوی هاوڕێکەی و گوندەکەی و شوێنی نیشتەبوونەکەیەوە دەست پێئەکات، بۆ ئەمەش پەنا بۆ بەسەرهاتی حەزرەتی یونس (د.خ) ئەبات، وەک لە ئایەتی ١٣٩-١٤٦ سورەتی (الصافات) دا هاتوە. بەپێی ئەو بەسەرهاتە یونس (د.خ) ئەبێتە پارووی دەمی حوت، دواتر فڕێئەدرێتە ڕۆخی دەریا و لە ژێر سایەی گەڵای کولەکەدا پشوو ئەدات و ئەحەسێتەوە.

لێرەدا ئەبینین، مەولەوی چەند بە کارامەیی و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وەڵامەکەی دوور ئەخاتەوە، چەند بە هەستێکی ناسک و سەرنجێکی وردەوە، وانە و پەندەکانی ئەو بەسەرهاتە ڕۆئەکاتە ناو وەڵامەکەی.

ئەبینین مەولەوی بە نیاز و مەبەستەوە وەڵامەکەی بەو شێوازە چڕ و پڕ مانای عیرفانی و عەشقەوە دائەڕێژێت. ئەیەوێت بڵێت کە پێغەمبەر یونس (د.خ) و مەلا یونس هەردوکیان پارووی دەمی ماسین، بۆ ئەمەش سوود لە ناوی گوندەکەی مەلا یونس وەردەگرێت، کە بریتییە لە ( لوقمەماسی)، بەڵام مەولەوی یارییەکی زمانەوانی پێئەکات و ئەیکات بە (لوقمەکەی ماساو)، لە هەورامیدا (ماساو) بە واتی ماسی دێت، هەمان یاری بە ناوی ئەو گوندەش ئەکات مەلا یونس لێی نیشتە جێ بووە، تا بە یەکجاری لەگەڵ بەسەرهاتەکەی یونس پێغەمبەردا یەکبگرێتەوە، بۆیە (کۆڵە سارا) ئەکات بە کولەکەی دەشت و سارا، چونکە (کوڵە) بە واتای کولەکە دێت.

ئێستا ڕوون بوویەوە کە مەولەوی ئەیەوێت پەیوەندیەک لە نێوان مەلا یونس و بەسەرهاتی یونس پێغەمبەردا (د.خ) دروست بکات، تا ئەو بەسەرهاتە بقۆزێتەوە و بە هاوڕێکەی بڵێت: عاشق بێباکانە خۆی ئەخاتە دەریاوە و ئەبێتە پارووی دەمی ماسی، لەویَ بۆلای یار ئەگەڕێتەوە و تاریکایی ناو دەر یا و ناو سکی ماسی بە یاد و مەیلی یار ڕۆشن ئەکاتەوە، ئیدی دوای ئەوە بێباک ئەبێت ئەگەر فڕێشبدرێتە کەنارەوە، بە گەڵای کولەکوش ئارامیی دێت. ئەیەوێت بڵێت تۆی یونسیش پێویستە لە دەریای قووڵی مەیلی لەیلدا ببیتە پارووی دەمی ماسی، دواتر بە ڕووت و ڕەجاڵی فڕێبدرێیتە سارای دەرد و مەینەتیەکانی لەیل، تەنها گەڵای کولەکەیەک سابات و کەپرت بێت، بەمجۆرە ئەبیتە داستانی دنیای عەشق و خۆشەویستی (صاحب، ٢١٩، ٤٣-٤٤).

مەولەوی لەم دێڕە شیعرەدا کلیلی نهێنییەکان بە ئاسانی نادات بەدەستەوە، بۆیە وەرگر ناچار ئەبێت ئەو ئەرکە بکێشێت و لە واتادارکردنیدا بەشدار بێت (مەلا ساڵح، ٢٠٠٨، ٢٨). ئەمەش ئەو ڕۆڵەیە کە ئەبێت وەرگر بیگێڕێت، هەر لەبەر ئەوەشە بووەتە چەقی گرنگیپێدانی تیۆری وەرگرتن.

ئاشکرایە ئاماژەدان بە هەر بابەت و ڕووداوێک لە دەقدا؛ ناوەڕۆکی دەقەکە دەوڵەمەندتر ئەکات، بەڵام ئەگەر ئاماژەیەکی ناباو بێت ئەوە چێژی زیاتری هەیە، چونکە زیاتر سەرنجی وەرگر ڕائەکێشێت، وەک ئەوەی مەولەوی ئەیڵێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ٤٢١):

**لە سەدای نەبات، لە چریکەی فەرەج**

**لەسەر مەلا و شێخ نەماوە حـــەرەج**

جارێکیان مەولەوی لە هەڵەبجە ئەبێت، بە لای زەماوەندێکدا تێئەپەڕێت، ژنێکی دەنگخۆش بەناوی نەبات گۆرانی بۆ ژنان ئەڵێت، پیاوێکی دەنگخۆشیش بە ناوی فەرەج گۆرانی بۆ پیاوان ئەڵێت. لێرەدا ئەوە لە زانا و عارفێکی وەک مەولەوی چاوەڕوان ئەکرێت ڕانەوەستێت و ڕابورێت، کەچی بە پێچەوانەوە، دەست ئەکات بە سەیرکردن و گوێگرتن، ئینجا پاساو ئەهێنێتەوە بەوەی کە لە خۆشی دەنگی ئەو دوو گۆرانیبێژە، مەلا و شێخ شێت بوون، هەرچی بکەن گلەییان لەسەر نیە و تاوانبار نابن. ئەمەش ئاماژەیە بەو فەرموودەیەی کە ئەفەرمێت :( رُفِعَ الْقَلَمُ عن ثلاثة: عن النائم حتى يَسْتَيْقِظَ، وعن الصبي حتى يَحْتَلِمَ، وعن المجنون حتى يَعْقِلَ) (الألباني، ١٩٩٨، ٥٦/٣)، واتە سێ کەس تاوانیان لەسەر نیە: خەوتوو تا بەخەبەر دێت، منداڵ تا باڵغ ئەبێت، شێت تا ئاوەزی ئەبێت.

ئەم بەکارخستنە چاوەڕواننەکراوەی فەرموودەکە، مەودای جوانی زیاتر ئەکات و کاریگەرییەکی زیاتر لەسەر وەرگر درووست ئەکات، چونکە لە سەرووی ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگرەوەیە، ئەمەش وائەکات پەیوەستی نێوان دەق و وەرگر بەهێزتر بێت.

**هونەری ڕەوانبێژی(الفنون البلاغية):**

زمانی شیعر تایبەدمەندی خۆی هەیە، جیاوازە لە زمانی ئاسایی قسەکردن، شاعیر بەو توانای ئەفراندنەی هەیەتی لە ئاستێکی باڵادا ئەنووسێت، بۆ ئەم مەبەستەش سودێکی زۆر لە ئەندێشە وەرئەگرێت، لەڕێ دەقی پڕ لە ئەندێشەی خولقێنەرەوە پەیامەکانی ئەنێرێت.

مەولەوی زۆر بە کارامەییەوە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناون، پڕی کردوون لە سۆزی دەروون و ئەندێشەی بێ سنوور، بە تایبەت ئەو کاتەی باسی دەرد و مەینەتیەکانی خۆی کردبێت، ئەوە شیعرەکانیشی وەک جەستەی زەبوون ئەبن و وەک دڵی پڕ خوێنی سەرڕێژ ئەکەن، وەک ئەوەی کە ئەڵێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ٣٠):

**ئیمشەو تەنیا بێ جەستەی زەبوونــــم          دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونــم**

**خەیاڵانی سارد هـــاوردم، بــــــەردم          هـــاوار جە دەمەی هەناسەی ســــەردم**

واتە: ئەمشەو جەستەی زەبوونم تەنیا بوو، دڵی پڕ خوێنم دیسان سەرڕێژی کرد، خەیاڵە خاوەکانم هێنان و بردن، هاوار لە کزەبای هەناسەی سەردم.

لەم دوو دێڕەدا، مەولەوی هەم درکە (کینایە)، هەم چواندنی بەکار هێناوە، (هەناسەی سەرد) و (سەروازکەرد) هەردووکیان درکەن، یەکەمیان درکەیە بۆ بێتاقەتی و بێئومێدی، بەڵام دووەمیان ئاماژەیەکی زیاتری تێدایە، چونکە درکەیە بۆ ئەوپەڕی خەم و خەفەت و نائومێدی. جگە لە درکە، لێکچواندنیشی لە نێوان کزەی ساردی کێوان و هەناسەی ساردی خۆیدا کردوە. بەڵام ئەمە چاوەڕوانکراوە، کەسێک بەو جۆرە بێتاقەت بێت، هەر ئەبێ بڵێت دڵم پڕە لە خوێن و هەناسەم ساردە.

دوای ئەو بارە غەمگینەی هەیەتی، پەنا بۆ خەیاڵ ئەبات، چونکە مرۆڤ ئەگەر لە واقیعیشدا دەستی بە شتێک نەگات، ئەوە هەوڵ ئەدات بە خەیاڵ بەدەستی بێنێت، مرۆڤ لە خەیاڵدا برینەکانی سارێژ ئەکات، ئەو جیهانەی ئەیەوێت بۆ خۆی دروستی ئەکات، بەڵام مەولەوی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەوێش بی ئومێد ئەبێت، لە دنیای خەیاڵیشدا دڵی سارێژ نابێت و ئۆخەی ناکات. ئەمە پێمان ئەڵێت مەولەوی زۆر لێزانانە باری پڕ ناسۆری خۆی بۆ وەرگر ڕوون کردووەتەوە، چونکە وەرگر تێئەگەیەنێت کە برینی هێندە قووڵە سارێژ نابێت، پێی ئەڵێت کەمن بە پێچەوانەی هەموو کەسەوە، هەرچەند دەرونیشم برژاوە و قرچەی لێدێت، کەچی هەناسەی سارد ئەدەم، ئەمەش بەو واتایەی کە لەهیچ شوێنێکەوە ئومێدێک نەماوە. بۆیە ئاساییە لە بەرامبەر ئەم بار و گوزەرانەدا دڵی وەرگر ببێت بە ئاو و بە چاویدا گوزەر بکات.

نمونەی بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە پێچەوانەی باو و چاوەڕوانکراوەوە لە دیوانی مەولەویدا زۆرە، بۆ نمونە کاتێک لە بەهاردا لەگەڵ کۆمەڵێک دۆست و هاوڕێیدا ئەچێت بۆ زەڵم، دیمەنە جوانەکانی بەهار هەستی ناسکی ئەبزوێنن و ئەکەوێتە باسی بەهار، ئەڵێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ٥١٧):

**وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیـــــاران**

**نم کەوت نەدیدەش چون شەو بێداران**

واتە: بەهارە، وەختی تەماشا و سەیرکردنە، سەوزە گیای دەشت و کێوەکان ئاورینگ نیشتوەتە سەرچاویان، وەک پیاوانی خوا کە شەو ناخەون و بیر لە خوا ئەکەنەوە و فرمێسک لە چاویاندا ئەدرەوشێتەوە. ئینجا بەردەوام ئەبێت و لە دوو **دێڕی هەمان پارچە شیعردا ئەڵێت:**

**چون دێوانەی شۆر ئازیز نە ســـــەردا          شەتاو سەر هۆر گرت وە دەشت و دەردا**

**تولانی چوون هیجر خاتر پـــــڕ دەردان          ڕەوان وێنەی وەسڵ گەردن بێگـــــەردان**

لێرەدا باسی سەرچاوەی زەڵم ئەکات، ئەڵێت: ئاوی زەڵم سەری خۆی هەڵگرتوە و ڕێگای دەشت و دەری گرتووەتە بەر، وەک دڵدارێک کە عەشقی یار شێتی کردبێت.ڕێڕەوی زەڵم هێندە دوور و درێژە ڕێک ئەڵێی مەودای دووری نێوان یار و دڵی عاشقی دەردەدارە، وە ڕوون و ڕەوانیشە وەک دیدار و گەیشتن بە یاری گەردن بێگەرد.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین مەولەوی چواندنی ئاوەژوو (التشبیه المقلوب) ی بەکار هێناوە، ئاورنگی سەر گژوگیای چواندووە بە فرمێسکی چاوی شەوبێداران، هەمان هونەری لە نێوان ڕۆشتنی ئاوەکە و سەرهەڵگرتنی عاشقی

دێوانەدا بەکار هێناوە، هەروەها دوورودرێژی ڕێرەوی ئاوەکەی چواندووە بە دابرانی درێژی عاشقانی دەردەدار، ئینجا ڕوونی و ڕەوانیەکەش ئەچوێنێت بە دیداری یاری گەردن بێگەرد.

مەولەوی لێرەدا پێچەوانەی باو و چاوەڕوانکراو مامەڵەئەکات، چونکە:

1 - لە بری چواندی ئاسایی، چواندنی پێچەوانە و ئاوەژووی بەکارهێناوە، لە هەموو شوێنێکدا ئاڵوگۆڕی بە شوێنی چوێنراو (المشبه) و پێچوێنراو (المشبه به) کردووە. بۆ نموونە، ئەبێت فرمێسکی چاو بە ئاورینگ بچوێنرێت، کەچی ئەو پێچەوانەی کردووەتەوە، بە هەمان شێوە بۆ چواندنەکانی تریش.
2 - بە شێوەیەکی گشتی دیمەنەکانی بەهار دڵگیر و دڵڕفێنن، خەڵکی تاموچێژیان لێوەردەگرن، خودی بەهاریش نیشانەی ژیانەوە و بوژانەوە و نوێبوونەوەیە، هەموو ئەمانە پێکەوە ئەبنە هۆکاری دڵخۆشی و بەختەوەری. کەچی ئەمە بۆ مەولەوی پێچەوانەیە، ئەو بە پێچەوانەی خەڵکەوە دیوێکی تری دیمەنەکان ئەبینێت، سەرەڕای جوانی دیمەنەکان، کەچی هەر یەکێکیان بارێکی غەمگینی بیر ئەخاتەوە، وەک: فرمێسک و دابڕان و دووری و سەرگەردانی.

ئەم مامەڵەیە بۆ وەرگر چاوەڕوانکراو نیە، پێچەوانەی ئەوەیە کە باوە، بۆیە لە خۆی ئەپرسێت: چ شتێک وا لە مەولەوی ئەکات لەم کات و ساتە بێوێنەیەدا بیری لای ناسۆرییەکانی ژیان بێت؟ هەر ئەمە لەوانەیە پاڵنەر بێت تا بە دیدێکی جیاوازەوە لە شیعری مەولەوی ڕامێنێت، ئەو کاتە بۆی دەرئەکەوێت کە مەولەوی دنیابینی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەم دنیا بینییە تایبەتەی مەولەوی شیعری تایبەت بەرهەم دێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا واتا و لێکدانەوەی تایبەتیش لە دیاردەکان ئەبینێت، لەو شوێنەی وەرگر چاوەڕێی شادیە، غەم بەدی ئەکات، وەک بینیمان، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، لە بارە دژوارەکانیشدا ئەتوانێت ئومێد ببەخشێت، وەک ئەم نموونەیە (مەولەوی، ١٣٩٥، ٥٢٨):

**وەی من دیارەن پەنجەی تارمـــــــەن      سەروەختی هامن نەووەهارمـــــــەن**

**خەم بیم یانی های پێم مدۆ خەبــــەر      نە دەرگای هەستی تەشریف بەر ئەوبەر**

واتە: وا دیارە ئەم چەند ڕۆژەی عومرم کە ماوە وەک پێنجەی تار وایە و لەسەر هیچ حساب نیە، کەچی هێشتا من ئەم هاوینی ژیانمە بە دەمی بەهار ئەزانم و لام وا نیە مەرگم نزیک بووەتەوە.پشتم چەماوەتەوە، هەواڵم ئەداتێ لە دەرگای بچکۆلەی بوونەوە دەر بچم بۆ جیهانەکەی تر.

مامۆستا عەبدولکەریم بەو جۆرە ڕاڤەی ئەکات، بەڵام بۆچوونێکی تری گونجاو هەیە، پێیوایە مەولەوی بە جۆرێکی تر لە کۆتایی تەمەنی ئەڕوانێت، ئەزانێ ئەمە هاوینی تەمەنیەتی، بەڵام ئەو بە بەهار دێتە پێش چاوی، چونکە ئەو چاوی لەسەر ژیانی دوارۆژە، ئەویّ بە بەهار دائەنێت، بۆیە لە هاوینی تەمەنی براوەی ئەم دنیاوە، بەرەو بەهاری تەمەنی هەمیشەیی ئەو دنیا ئەڕوات (حەمەغەریب، ٢٠١٨ ).

ئەم لێکدانەوەیە تێڕوانین و حیکمەتی مەولەی نیشان ئەدات، ئەو پلە باڵایە نیشان ئەدات کە بە چەشتن پێی گەیشتووە، کە لە شوێنی تریشدا دەرئەکەوێت، بۆ نموونە (مەولەوی، ١٣٩٥، ٥٠٧):

**وادەی سفیـدی شکۆفــەی پیریـــــــن      شکۆفەی باخچەی پیری دڵگیریـــــــن**

**شکۆفەی باخچەی پیـــــری سفیدەن      سەرمایەی میوەی عیرفـان هەر ئیدەن**

واتە: کاتی سپیبوونی شکۆفەی پیریە، شکۆفەی باخچەی دڵگیری پیری، ئەم شکۆفە سپیانەش سەرمایەی میوەی عیرفانن.

مەولەوی لە ئاماژەی شکۆفە سپییەکانەوە تێئەگات کە ئەمە کاتی پێگەیشتن و بەردانە، پێگەیشتنی دڵگیری و ئارامی، ئەم ئارامییەش لە عیرفانەوە سەرچاوە ئەگرێت، چونکە تێئەگات ئێرە کاروانسەرایە و تەنیا بۆ پشوودانێکە، تا بگات بە شوێنی هەمیشەیی (حەمەغەریب، ٢٠١٨).

**گەمەی زمان** (التلاعب باللغة):

شیعری مەولەوی لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە ئاستێکی باڵای هونەریی هەیە، وەک چۆن لە ناوەڕۆکدا دنیابینی تایبەت بە خۆی هەیە، لە ڕواڵەتیشدا داهێنانی تایبەتی هەیە، بە تایبەت لە گەمەی زمان و قافیەشکاندندا (مەلا سالْح، ٢٠٠٨، ٦).

یەکێک لەو گەمە زمانیانەی مەولەوی زۆر لێزانانە کردویەتی، ئەوەیە کە ئەڵێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ٥١٢):

**های وە فەرقی (دین) زامداران (تاج) دای**

**شەریعـەتـی مەیــل لەیلـێ ڕەواج دای**

واتە: بەو نامەیەت تاجت نایە سەر تەوقەسەری دینی ئەوانەی گرفتاری زامی عەشقن و برەوت دا بە شەریعەتی خۆپشەویستی یار کە شێخ بەهائەددینە.

مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە وەڵامی نامەیەکی شێخ تاجەددینی کوڕی حاجی شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی شێخ سیراجەددیندا وتوە، بەڵام ناوی شێخ تاجەددینی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و چاوەڕوانکراو نەنوسیوە، بەڵکو لەڕێی یاریەکی زمانەوانیەوە کردوویەتی بە دوو بەشەوە، هەر لەڕێی ئەو بەشکردنەوە پەیامی خۆی گەیاندوە و دێرەکەشی لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕوخساریشەوە ڕازاندووەتەوە.

ئەم یاریە، لەڕووی هونەرییەوە چێژێکی تایبەت بە وەرگر ئەبەخشێت و ئەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی توند لە نێوان دەق و وەرگردا، چونکە مەودای جوانی زیاتر ئەکات. خۆ ئەگەر لەم دێرەدا، یان تەواوی شیعرەکەدا ناوی (تاج الدین) بهاتایە، ئەوا نهێنیەکە ئاشکرا ئەبوو و هونەرەکە ئەشێوا (مەلا سالْح، ٢٠٠٨، ٢٩).

هەر لە ڕێی گەمەی زمانەوە، مەولەوی داهێنانێکی تری زۆر جوانی لە ڕوخساری شیعردا کردوە، کە پێش ئەو لە شیعری کوردی و شیعری هەموو گەلانی ئێراندا نموونەی نیە (مەلا سالْح، ٢٠٠٨، ٣٤). کەواتە مەولەوی ئەم شێوازەی لای کەس نەدیوە، بەڵکو بەرهەمی ئەندێشە و توانای خۆیەتی، ئەگەر چی لە شیعری ئەوروپیشدا هەبێت کە ئەو نەیدیوە (فیضي، ١٣٣٣، ٨). نموونەی ئەم داهێنانە لەم چەند دێرەدا دەرئەکەوێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ١٠٠-١٠١):

| | |
|---|---|
| **فەریاد جە شۆرەی ئەرزی چارەی من** | **هەر سەوزەی مــوراد من نادیـــارەن** |
| **داد جە هەوای شوم بەد ستـــارەی من** | **هەر نـەو گوڵاڵـــەی من نە پێـــوارەن** |
| **یا وەلوەلەی دەف شا دەروێش، جۆشێ** | **بە ســـەدای ڕیشـــەی دڵ ئاشنـــــاوە** |
| **یا جۆشێ سەمتــور موتریب، خرۆشێ** | **چەنی ئەی دوو فەرد حەسرەت مەعناوە** |
| **بەڵ سەز ببو تــوم ئارەزوەکـــەی دڵ** | **های چەمــە دەخیــــــل شەوێ شەونمێ** |
| **بەڵ ڕووو بنمانۆ ئەو نازک نەو گــوڵ** | **دەمە نەسیمـــێ وادەی ســـوب دەمێ** |

ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین نیوەی یەکەمی دێڕی یەکەم و نیوەی یەکەمی دێڕی دووەم هەمان قافیەیان هەیە، بەهەمان شێوە نیوەی دووەمی هەردوو دێرەکە هەمان قافیەیان هەیە، ئەمە بۆ دێڕی سێیەم و چوارەم، هەروەها بۆ دێڕی پێنجەم و شەشەمیش هەر ڕاستە.

داهێنانێکی لەم جۆرە بەدڵنیاییەوە بۆ وەرگری شیعری کوردی باو نیە، بەڵکو نوێ و چاوەڕواننەکراوە، دەی ئەبێت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەجێبهێڵێت، چونکە لەسەروی چاوەڕوانی وەرگرەوەیە. مەگەر وەرگرێک بێئاگا بێت لە جیهانی شیعر و جوانیناس نەبێت؛ ئەگەرنا ئەم جوانیە چێژێکی بێ ئەندازەی پێئەبەخشێت.

گەمەی زمان لای مەولەوی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، بە مەبەستەوە پەنای بۆ بردووە، بۆ ئەوەی هەرشتێک مەبەستیەتی بە شێوازێکی هونەری ورد و چێژبەخش و کاریگەر بیگەیەنێت، نەک بە سادەیی. بۆ نمونە، هەر کاتێک ناوی عەنبەر خاتوونی هێنابێت، ئەوە بە سادەیی نەیهێناوە، بەڵکو بە مانایەکی تریەوە ئاڵاندوە، کە ئەمە لە ڕەوانبێژیدا پێی ئەوترێت تەوریە، وەک لەم دێرەدا دەرئەکەوێت (مەولەوی، ١٣٩٥، ٧٥):

بۆی (عەنبەر) نە تۆی دەماخم بەرکەرد

فرسەتش ئاوەرد هــەوای وەبــای دەرد

واتە: بای تاعونی نەخۆشی بە هەڵی زانی، بۆنی عەنبەری لە دەماخم دوور خستەوە. لێرەدا عەنبەر هەم واتی عەنبەر خاتوون ئەگەیەنێت، هەم واتای بۆنی عەنبەر، ئەمەش وا ئەکات بە سادەیی و ڕوکەشی و کاڵوکرچی نەکەوێتە بەر دەستی خوێنەر، خوێنەریش بە ئاسایی نەیبینێت، بەڵکو چێژ لە بەکارخستنە هونەرییەکەی وەربگرێت.

توانای مەولەوی هەر هێندە نەبوە تەنها گەمە بە یەک وشە بکات، بەڵکو، چەند وشەیەکی لە یەک کاتدا بۆ جگە لە واتای خۆیان بەکارهێناوە، بۆ نمونە (مەولەوی، ١٣٩٥، ٢٩٠):

**دیدەم (ڕێژاو)ە، ڕوخســـارم (زەردە)ن**

**چە داخی (یـــاران)، (پیران)م کەردەن**

واتە: چاوم فرمێسک ئەڕێژێ و ڕەنگم زەر بوە و لە داخی دووری یاران ئەوەندە گریاوم دەنگم دەرنایەت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە وشەکانی ناو کەوانەکان ناوی چوار گوندن لە ناوچەی زەهاو، لە سەر ڕێی جارانی جافە کۆچەرییەکان، بەڵام مەولەوی هەریەکەیانی بۆ واتایەکی تریش بەکارهێناوە. یەکەم بە واتای ڕشتن، دوەمی کردوە بە ڕەنگی ڕوخسار، سێیەم بە واتای دۆستان، چوارەمیش ئەوەیە کە منداڵ لە تاو گریانی زۆردا لە تک ئەچێت و دەنگی دەرنایەت.

لەو نمومانەی سەرەوە ڕۆڵی گەمەی زمان دەرئەکەوێت، لەوەی کە هەم گیانی هونەری زیندوو ئەکاتەوە و بەرز ڕائەگرێ، هەم توانای زمانەوانی شاعیر دەرئەخات. زیادەڕەوی نیە ئەگەر بوترێت لە ناو شاعیرانی کورددا مەولەوی لە هەموویان دەوڵەمەندترە (مەلا ساڵح، ٢٠٠٨، ٣٦).

**دژیەک** (المفارقة)**:**

هونەرێکی تایبەتە لە دەربرین و داڕشتنی دەقی ئەدەبیدا، پێگەیەکی تایبەتی لە بواری ڕەخنە و جوانیناسیدا هەیە، چونکە جوانیی زمانی ئەدەبی بەدەرئەخات و لە زمانی دەربڕینی ئاسایی جیای ئەکاتەوە، چونکە مەبەستی زمانی ئەدەبی تەنیا گەیاندن نیە، بەڵکو بزواندنی هەست و سەرنجی وەرگریشە. لەم ڕێیەوە دەقی ئەدەبی ئەتوانێت چاوەڕوانیەکانی وەرگر ببەزێنێت و کاریگەریی لەسەر جێبهێڵێت.

مەبەست لەم شێوازەی دەربڕین، گەیاندنی دوو واتای دژیەکە لە یەک کاتدا، لە ڕووکەشدا واتایەک ئەگەیەنێت، بەڵام واتایەکی تر مەبەستە (علوش، ١٩٨٥، ١٦٢). لێرەشەوە هەماهەنگیەک لە نێوان دەق و وەرگردا دروست ئەکات، چونکە نووسەری دەق بە ئەنقەست پەنای بۆ ئەبات، لەژێر واتا ڕووکەشیەکەدا واتایەکی تر ئەشارێتەوە، ئەمەش ئەبێتە جێی پرسیاری وەرگر و ناچاری ئەکات بەدوای مەبەستی سەرەکیدا بگەڕێت، وەک (مەولەوی، ١٣٩٥، ١٤٠):

**پەشێوی وە نەزم لولووی ئەسرین دا**

**پەروین دائیرەی خورشید تەزیین دا**

مەبەستی ئەوەیە: نازداران ئەوەندە بەسۆز ئەگرین؛ فرمێسکیان کە جاران وەک ڕشتەی مرواری وا بوو، ئێستا بە نارێکی ئەڕژێتە خوارەوە، ئەو دەنکە فرمێسکانە کە بە دەوری ڕوویاندا ئەڕژێنە خوارەوە ڕوویان ئەڕازیننەوە.

مەولەوی کەمتەرخەمی نەکردوە لە گەیاندنی پەیامەکەیدا، چونکە ئەبینین هەم هونەری چواندنی بەکارهێناوە، هەم دژیەک. ڕووی نازدارانی بە ڕۆژ چواندووە، فرمێسکە تێکچوەکانیش بە ئەستێرە، هەر لە ڕێی ئەم چواندنەوە، دژیەکی لە نێوان واتایەکی شاراوە و یەکێکی ڕووکەشیدا دروست کردوە.

جگە لەو وردەکارییە، پەشێوی کردووەتە هۆی ڕازاندنەوە، لە ڕاستیدا لە ڕووی جوانی و واقعیشەوە ئەمە پێچەوانەی باوە، لێرەشدا وەرگر ناچار ئەبێت بەدوای مەبەستی ئەم دژەباوەیەدا بگەڕێت، بۆیە بە وردبوونەوە دەرئەکەوێت مەولەوی مەبەستیەتی بڵێت خۆشی جاران نەماوە، لە ئێستادا بوە بە ناخۆشی. واتە لە پشت ئەو ڕازاندنەوە و جوانیە ڕوکەشیەدا، پەیامێکی تر هەیە، ئەویش ئاماژەدانە بە ماتەمی و ناخۆشی. جگە لەم دژەیەکە لە ڕووی واتاوە، دژەیەکیەکی تریش لە نێوان هەردوو وشەی (پەشێوی) و (تەزیین) دا هەیە، ئەمەش ئەوە دەرئەخات

کە شاعیر لە هەموو ڕوویەکەوە هونەری نواندوە، تا بە باشترین شێوە هەست و سۆزی خۆی دەربڕێت (عبدەلڕەحمان، ٢٠١٣، ٧١).

مەولەوی لەبەکارهێنانی دژیەکەکاندا هەمیشە ئامانجی هەبووە، جا ئەوە وەرگرە کە ئەبێت ئەرک بکێشێت و تواناکانی خۆی بەگەڕ بخات و چێژ لە بنکۆڵکاری وەربگرێت، لێرەشدا پێویستی بە شارەزایی لە دنیابینی مەولەوی ئەبێت تا بتوانێت پەی بە واتاکان ببات، کاتێک دێڕێک ئەخوێنێتەوە جگە لە واتا ڕووکەشیەکەی، ئەکرێت واتایەکی تریشی بە بەردا بکات، بۆ نمونە لەم دێڕەدا (مەولەوی، ١٣٩٥، ٤٣٣):

**خێڵخانەی مەینەت یەند ئاما و شییەن**

**وە سەفحەی دڵدا سۆهــان ساو بییەن**

واتە: کاروانی مەینەت ئەوەندە هاتوچۆی کردوە بەسەر تەختی دڵمدا؛ وەک چەقۆی سافبووی لە هەسانچووەوەی لێهاتووە، ئیتر دڵم هیچی بە بەرەوە نەماوە. ئەمە واتا ڕووکەشیەکەیە، کە ئاماژەیە بە مەینەتیەکانی ژیان و داڕزان بە دەستییانەوە.

ئەکرێت جگە لەو واتایە، واتایەکی تری ئەرێنیی عاریفانەشی هەبێت، ئەوە بگەیەنێت کە عاریفان لە ژێر باری سەختییەکاندا ناسک ئەنبەوە، دڵساف و بەهەست و گیانیی ئەبن (صاحب، ٢٠١٩، ٨٦/٣). ئەوەی ڕەوایەتی بەم واتایە ئەدات ئاماژەکردنی مەولەویە بەوەی کە بۆ پێگەیشتن پێویستە بە ئازردا تێپەڕیت، ئەمەش لە ڕێگەی سووشەی بۆنێکەوە ڕوون ئەکاتەوە، بەوەی ئەو شووشەیە سەرەتا بەردێکی بێبەها بووە، دواتر وردکراوە و لێی دراوە و گەرم کراوە، ئینجا دوای ئەو دەردەسەرییە بە جیهانێکی نوێ و پلەیەکی باڵا گەیشتووە (مەولەوی، ١٣٩٥، ٢٩٢-٢٩٥).

**ئەنجام:**

- وەرگر ڕۆڵێکی گەورە ئەگێرێت لە واتادارکردنی دەقدا، هەربۆیە لە تیۆری وەرگرتندا بووەتە چەقی گرنگیپێدان.
- بۆ ئەوەی دەق تۆکمە و سەرنجڕاکێش بێت؛ پێویستە هەموو هونەر و ڕەگەزێکی کاریگەری تێدا بێت، لەوانەش ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو.
- تا دەق لەسەرووی چاوەڕوانیەکانی وەگرەوە بێت، پەسەندتر ئەبێت، بەمەش یەکێک لە پێوەرە سەرکییەکانی دەقناسی لەخۆ ئەگرێت، ئەویش پەسەندگەراییە و پیوەستە بە وەرگرەوە.
- بۆ ئەوەی دەق سەرکەوتوو بێت، پێویستە مەبەستی نووسەر بە باشی بگەیەنێت، هەروەها ڕەزامەندی وەرگر بەدەست بهێنێت، ئەمەش بەو واتایە دێت کە دەق، نووسەر و وەرگر پێکەوە ئەبەستێتەوە.
- مەولەوی زۆر بە کارامەیی و شارەزایی مەبەست و پەیامەکانی خۆی گەیاندووە، لە کوێ پێویستی کردبێت پێچەوانەی چاوەڕوانی وەرگر و نەریتی باوی شیعرەوە جوڵاوەتەوە.
- مەولەوی، لەڕێی ڕەگەزی چاوەڕواننەکراوەوە بیر و هەستی وەرگر ئەبزوێنێت، ناچاری ئەکات بە دیدێکی نوێوە لە شیعرەکانی ڕامێنێت و ڕاڤەیان بکات.
- مەولەوی زۆر بە ئاگاییەوە هەندێک کەلێن و بۆشایی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەجێهێشتووە، تا لە ڕێیانەوە وەرگر ناچار بێت بچێتە قووڵایی دەقەکان و لە ڕووکەشدا نامێنێتەوە، لێرەوە وەرگر چێژ لە گەیشتن بە ئەنجام وەرئەگرێت.

**سەرچاوەکان:**

**کوردییەکان:**


- امين فيضي، (١٣٣٣ ك)، **انجمن اديبان كورد**، استەمول.
- تەحسین حەمەغەریب، **ئەدەب وەک ڕزگارکەر، مەولەوی.**

https://www.youtube.com/watch?v=4ucMEoZ-H7M

- حەکیم مەلا ساڵح، (٢٠٠٨)، **مەولەوی و تەقینەوەی زمان**، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- سەيید عبدوڕەحیم کوڕی مەلا سەعید، (١٣٩٥)، **دیوانی مەولەوی**، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، سنه، انتشارات کردستان.
- لهۆن قادر عبدەلڕەحمان، (٢٠١٣)، **دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا**،(نامەی ماجستێر) ، زانکۆی سلێمانی.
- مارف خەزنەدار، (٢٠٠٣)، **مێژووی ئەدەبی کوردی**، بەرگی ٣، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- همایون صاحب، (٢٠١٩)، **شەریعەتی مەیل ڕاڤەی شیعرەکانی مەولەوی**، بەرگی سێیەم، کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.


**عەرەبییەکان:**


- جابر عصفور، (١٩٩٢)، **الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي عند العرب**، بيروت، المركز الثقافي العربي.
- جابر عصفور، (١٩٩٤)، **قراءة التراث النقدي**، القاهرة، عين للدراسات والحوث الإنسانية والاجتماعية.
- حبيب مونسي، (٢٠٠٧)، **نظريات القراءة في النقد المعاصر**، وهران، دار الأديب.
- حصة البادي، (٢٠٠٩)، **التناص في الشعر العربي الحديث برغوثي نموذجا**، عمان، كنوز المعرفة.
- رامام سلدن، (١٩٩٨)، **النظرية الأدبية المعاصرة**، ترجمة: جابر عصفور، القاهرة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع.
- روبرت هولب، (٢٠٠٠)، **نظرية التلقي مقدمة نقدية**، ترجمة: عز الدين إسماعيل، القاهرة، المكتبة الأكاديمية.
- سعيد علوش، (١٩٨٥)، **معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة**، بيروت، دار الكتاب اللبناني.
- عبد الرحمن محمد القعود، (٢٠٠٢)، **الإبهام في شعر الحداثة**، الكويت، مطابع السياسة.
- عبد الناصر حسن محمد، (٢٠٠٢)، **نظرية التلقي بين ياوس وإيزر**، القاهرة، دار النهضة العربية.
- فولغفنغ إيزر، (١٩٨٧)، **فعل القراءة نظرية جمالية التجاوب**، ترجمة: حميد لحمداني، الجلالي الكدية، فاس، مكتبة المناهل.
- محمد العبد، (٢٠٠٧)، **اللغة والإبداع الأدبي**، القاهرة، الأكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي.
- محمد ناصر الدين الألباني، (١٩٩٨)، **صحيح سنن أبي داود للإمام الحافظ سليمان بن الأشعث السجستاني**، الرياض، مكتبة المعارف للمشر والتوزيع.
- محمود عباس عبد الواحد، (١٩٩٦)، **قراءة النص وجماليات التلقي بين المذاهب الغربية الحديثة وتراثنا النقدي دراسة مقارنة**، القاهرة، دار الفكر العربي.
- نوال مصطفى إبراهيم، (٢٠٠٨)، **المتوقع واللامتوقع في شعر المتنبي**، عمان، دار جرير.
- هانس روبيرت ياوس، (٢٠٠٤)، **جمالية التلقي من أجل تأول جديد للنص الأدبي**، ترجمة: رشيد بن حدو، القاهرة، المجلس الأعلى للثقافة.

ئینگلیزی و فەڕەنسییەکان:

- Robert, (1980), **Text, discourse, and process**, Norwood, DE BEAUGRAND New Jersey, ABLEX Publishing Coporation.
- KRISTEVA Julia, (1969), **Semeiotike, recherche pour une sémanalyse**, paris, Seuil.
- BARTHES Roland, (1984), **De L'œuvre au texte**, in : Bruissement de la langue, paris, Seuil.
- BARTHES Roland, **La théorie du texte**, in : encyclopédie universalise, (en ligne).
- GENETTE Gérard, (1979), **Introduction à l'architexte**, Paris, Editions du Seuil

# The element of the unexpected and its effect on the recipient in Rumi's poetry

**Summary:**

A coherent and impactful text is one that successfully conveys the ideas of its producer. Therefore, the producer must resort to all forms, mechanisms, and elements that enhance the text to the degree that it influences the recipient and gains their acceptance, given the prominent position the recipient holds in the process of text production and comprehension.

One of the elements that increase the strength of the text and make it more impactful on the recipient is the element of the unexpected. This is because it surpasses the recipient's horizon of expectations and provides additional enjoyment, creating a strong interaction between the text and the recipient.

Given the strong relationship between the text and the recipient, we preferred to focus on this relationship and emphasize the element of the unexpected and its role in enhancing it. We chose the poetry of the Kurdish Mawlawi as a field of application, as his poetry is filled with elements that influence the recipient, including the element of the unexpected.

Thus, this research sheds light on "The Element of the Unexpected and Its Impact on the Recipient in Mawlawi's Poetry Collection" through two sections: the first is theoretical, addressing the concept of reception theory and its key terms, while the second is applied, highlighting areas in Mawlawi's poetry where the unexpected plays a prominent role, such as poetic imagery, intertextuality, rhetorical arts, language play, and paradox.

**Keywords:** The unexpected, recipient, impact, poetic text, Mawlawi.

# عنصر اللامتوقع وتأثيره في المتلقي في شعر المولوي

**الملخص:**

النص المتماسك المؤثر هو الذي يوصل أفكار منتجه بنجاح، لذلك لابد أن يلجأ المنتج إلى جميع الفنون والآليات والعناصر التي من شأنها تعزيز النص لدرجة يؤثر في المتلقي ويكسب قبوله، وذلك نظرا للمكانة التي يحظى بها المتلقي في عملية إنتاج النص وفهمه.

من العناصر التي تزيد في قوة النص وتجعله أكثر تأثيرا في المتلقي عنصر اللامتوقع، لأنه يتجاوز أفق توقع المتلقي ويمنحه مزيدا من المتعة، الأمر الذي يخلق تفاعلا قويا بين النص والمتلقي.

نظرا للعلاقة القوية بين النص والمتلقي؛ فضلنا الوقوف عندها والتركيز على عنصر اللامتوقع ودوره في تعزيزها، وفضلنا اختيار شعر المولوي الكوردي ميدانا للتطبيق، لأن شعره ملئ بالعناصر المؤثرة في المتلقي، منها عنصر اللامتوقع.

لذلك يلقي البحث الضوء على ( عنصر اللامتوقع وتأثيره في المتلقي في ديوان المولوي)، وذلك في مبحثين: الأول نظري، يتناول مفهوم نظرية التلقي وأهم مصطلحاتها، والثاني تطبيقي، يشير إلى مجالات في شعر المولوي يلعب اللامتوقع دورا بارزا فيها، كالصورة الشعرية، والتناص، والفنون البلاغية، ولعبة اللغة، والمفارقة.

**الكلمات المفتاحية**: اللامتوقع، المتلقي، التأثير، النص الشعري، المولوي.